کۆبوونەوەکی تایبەت سەبارەت بەکەم بوونەوەی کارەبا و پریبەید لە هەولێر ئەنجامدرا

کۆبوونەوەکی تایبەت سەبارەت بەکەم بوونەوەی کارەبا و پریبەید لە هەولێر ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ چوارشەممە، لە دیوانی وەزارەتی کارەبا و بەسەرپەرشتی کەمال مەحەممەد ساڵح، وەزیری کارەبا و ئومەد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و محەمەد شوکری، سەرکی دەستەی وەبەرهێنان کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەکەم بوونەوەی کارەبا و پریبەید ئەنجامدرا.

لە کۆبوونەوەیەکدا بەپێی راگەیەندراوەکی فەرمی، هەکارەکانی کەمبوونەوەی کارەبا و پەژەی پریپەید و نرخی کارەبای 24 کاتژمێری پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان خرایەڕوو و پارێزگاری هەولێر و سەرکی دەستەی وەبەرهێنان پشتگیریی خۆیان بە دابەزاندنی نرخی کارەبای پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دەربڕی، هەروەها پارێزگاری هەولێر داوای کرد ڕەچاوی پشکی پارێزگای هەولێر لە پەدانی کارەبا بکرێت و جەختی لە تاقیکردنەوەی وەرزی بە پشکی کارەبای پارێزگاکان کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بارگرانیی سەر کارەبا کرا، کە خواست لەسەر کارەبا شەش هەزار مێگاواتی تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنان تەنیا سێ هەزار مێگاواتە.